# بیرەوەریەکانم

هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی دا ناسراوە، بیروەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

بیرەوەریەکان لە شێوەی کتێب تایپ کراوە، بەڵام هیچ دامەزراوەیەک ئەرکی چاپکردنی لەئەستۆ نەگرتووە، هەڵبەت هۆکاری سیاسی لە پشت چاپ نەکردنی دا هەیە.

فەرموون با بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو لێی ...

## بەشی یەکەم – 5

### سۆفی سلێمان لە داری گۆڕستان دەبەسترێتەوە

زاندرا سۆفی سلێمان کە مجێوری مزگەوت بوو، لەگەڵ (حوسێنی دەلۆ) یەکێک لە چەکدارەکانی سلێمان بەگ بەقرە دێ و پەنگرکێشێک لەسەری حوسێنی دەدات و سەری دەشکێنێ، ڕۆژێکی زستانی دژوار با و کرێوە بوو، سۆفی لە داری قەبریستان دەبەستنەوە، بە ڕێکەوت من لەگەڵ کوڕی شوانی لە دەرەوەی گوند بووین، زۆر تەڕ ببووم، لە دیوانخانە لە تەنیشت سۆبە درێژ ببوم، لە دەنگە دەنگی پیاوان بەئاگا هاتم، دیتم کۆمەڵێک لە پیاوە ریش سپیەکانی گوند دانیشتبوون، چاوەڕێی سلێمان بەگ بوون بێتە دیوانخانە، زوو هەستام بەخێر هاتنم لێکردن، کاتێک چوومە دەرەوە ئافرەتێکم دیت منداڵێکی بەباوەشە، بەو سەرمایە دەیویست بڕواتە ماڵمان لە ترسی سەگەکان نەی دەوێرا بڕوات، خێرا دەربازم کرد، ئافرەتەکە دەگریا، دایکم بەخێری هێناو دانیشت، بە دایکم گوت ئەوەچی بەسەر هاتووە؟ دایکم گوتی" نابینی مێردیان لە داری قەبریستانێ بەستۆتەوە؟. لەگەڵ قسەکانی دایکم ڕۆیشتم سەیری قەبرستانم کرد، باو کرێوەیەک بوو کەس خۆی پێڕانەدەگیرا ، کەسێک بینی کە چۆن بە گوریس لە دار بەستراوەتەوە.

کاتێک گەڕامەوە لای دایکم، پرسیم"دایە ئەوە بۆچی بەو سەرمایە بەستراوەتەوە ئەدی نامریت؟ دایکم گوتی کوڕم خوا ڕوحمی پێدەکات، بە درەنگەوە لەسەر خواستی ریش سپیەکانی گوند لە داری قەبرستان کرایەوەو خرا تەویلەی وەڵاغەکان، ئەو شەوە لە تەویلە بەند بوو، بەیانی لەسەر داوای (خەجە درێژی ژنیحەمیدە ڕەشی) بەردرا .

### جارێکی دیکە سلێمان بۆ بەغداد دەڕوات

بۆجاری دووەم لەسەر خواستی ئیسماعیل بەگ باوکم چووە بەغدا، لەبەهاری 1933دا لەسەر خواستیئیسماعیل بەگ، (سلێمان بەگ) بۆ بەغداد ڕۆیشت. دوای ڕۆیشتنی ئەو مام میرۆ هاتە ماویلیان، لە گەڕانەوەی دا بۆ دەرگەڵە منیشی لەگەڵ خۆیدا برد، چەند ڕۆژێک لەوێ ماوینەوە، شەوێک لەگەڵ خۆی بۆ دیوانخانەی (میر حەمەدئەمین بەگ بردمی، ئەوەی دێتەوە یادم مانگە شەوبوو، سەردەمێک لەدییوان دەرکەوتمە سەربانی پێش دەرگای دیوانخانە لەوێوە بەشی زۆری گوند دیاربوو، دیدارێکی ئەوەندەی جوانی چۆمی پڕ لە گوێزو ئەسپینداری ئاوەڕێژ دەکەوتە بەرچاو، هەردەم شایانی یادکردنەوەیە، ئەوەی زۆر دڵی شادکردم ئەوە بوو گوند بێدەنگ بوو، تەنیا هاشەی سۆلاوی ئاوی ئاوەڕێژ دەهات، ئەوەندە دڵگیر بوو وەک شریتی تۆمارکراو هەرکاتێ دێتەوە یادم وا دەزانم لەهەمان شوێن وەستاوم، ئەودیمەنەی دیتبووم ئەوها دەکەوێتەوە بەرچاوم، دڵم پێ گووشاد دەبێت ، یادێکی زیندووی دەکەمەوە، دووای ماوەیەک لەگەڵ حاجی غەریب گەڕامەوە ماڵ .

### ڕاگەیاندنێکی بەپەرۆشی دڵ تەزێن

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە باکم لەسەرخواستی (ئیسماعیل بەگ)، بەرەو بەغداد ڕۆیشتەوە.، لەهاوینی (1933) لەپڕیکا دەنگوباسێکی دڵتەزێن دەگاتە دەرگەڵە بەکەسووکاری سلێمان بەگ ڕادەگات کە لەبۆسەیەکی دوژمنکاری لەدۆڵی ( نیشاوێ ئیسماعیل و سلێمان بەگ) کوژراون، لێرەدا خوێندەوارانی بەڕێز دەربارەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ئاگادار دەکەمەوە. لە مێژووی باوکم بەدرێژی لە کتێبەکەی دەرگەڵەو بنەماڵەی میرەکان نوسراوەو دیار کراوە.

یادی ئەو ڕۆژەم دێتەوە بیر، بەیانیەک زۆر زوو بوو بەدوای ئەو هەواڵە دڵتەزێنەدا خەڵکێکی زۆر لە ژن و منداڵ لەدەرگەڵەڕا بەهاوارو شین و گریان هاتبوونە ماویلیان، دەستە دەستە چەکدار بەرەو ڕواندز دەڕۆیشتن، زۆری نەخایاند میر حەمەدئەمین بەگ بەسواری وەڵاغ هات، لە نزیک قەڵات، بەغار چوومە پێشی و پێمگوت: (باپیر دەچی بابم بینیەوە؟!) ئەوەی بەیادمە میر دەستە سڕەکەی لەبەر پشتی دەرهێناو چاوی پێ دەسڕینەوەو بە(فەتاح ماویلی) گوت هەڵی گرە بیبەوە. دوایی ئەوان بەرەو ڕواندز ڕۆیشتن، ئێوارەکەی هەواڵ هات کە سلێمان بەگ نەکوژراوە و برینداره. بەیانی ڕۆژی دواتر ئەو خەڵکەی لە دەرگەڵە هاتبوون بۆ ماویلیان گەڕانەوە، دیارە لە دەرگەڵە گۆڕیان بۆ هەڵکەندبوو، ئامادەکرابوو، بەڵام کاتێک زانرا سلێمان بەگ نە کوژراوە، سەریان داپۆشی. ماوەیەکی زۆر بە داپۆشراوی مایەوە، دوای ماوەیەک پیاوێکی ناوداری شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) بەناوی (جەلال بەگ) کە لە دەرگەڵە ئاوارەبوو، مرد باوکم ڕێگەی دا ئەو پیاوەی لە ناودا بنێژرێ.

بێگومان ماوەیەکی زۆر شین بۆ ئیسماعیل بەگ داندراو خەڵکێکی زۆر لەو شینە دا بەشداریان کرد، بەدیارکەوت نەمانی ئەو پیاوە زیانێکی زۆری گەیاند.

ڕاستیەکەی باوکم بەچەندگوللەیەک برینداربوو، ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانەکانی موسڵ و بەغداد خەریکی تیمارکردنی برینەکانی بوو، هەتا مردیش، واتە بەدرێژایی سی و پێنج ساڵ گوولەیەک لەناو ڕانیدا هەر مابۆوە.

لەوکاتەی لە سۆڤیەت بووین باوکم شتێکی بۆ باس کردم دەربارەی ئیسماعیل بەگ گۆتی:" ئەو مرۆڤە بەنیاز بوو داوی گەڕانەوەی لەو سەفەرەدا لەگەڵڵ ماڵی (نوری باویل ئاغا) پێکبێتەوە وخوێنیان بداتێ و ماڵیشی لە ڕواندز بۆ هەولێر بگوازێتەوە، بەڵام پێڕانەگەیشت وئەو کارەساتە ڕوویدا. ئەو مرۆڤە ئەگەر بمابایە نیازی هەبوو کۆمەڵێک پرۆژە ئەنجام بدات. ئەگەرچی دایکی زۆر شتی لێتێکدابوو بە دوای قسەی نەدەهات، ئەمن هەستم پێکردبوو ئەو خەریک بوو گوێی نەداتێ و بەدوای قسەی نەکەوێت کارەکانی وەک پێویست ئەنجام بدات "

بە گۆتەی باوکم ئیسماعیل بەگ گەنجێکی پێگەیشتوو بوو، پێی خۆش بوو بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ خزمەکانی هەبێ، بەڵام دایکی ڕێگ لێگرتبوو، نەیدەهێشت ئەو پەیوەندیە دروست بکات.

لە دوای نەمانی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتوە، ئەو هەموو سەروەتەی ماڵی پادشا کەوتە ژێر دەستی پیرەژنێک، لە دوای نەمانی ئەویش ئەو هەموو موڵک و سامانەکە تەڕاو بەڕا کراو بێسەرو شوێن بوو، تەواوی دەشتی هەریرو باتاس لەگەڵ دەشتی ڕواندزو دیانا هی ماڵی پاشا بوون .

باوکم دەیگوت:" لە دادگا بڕیار درا نوری باویل ئاغا و خدری حەمەدە شینی لە سێدارە بدرێن، مەلیک فەیسەل ئیمزای نەکرد، جاری سێیەم بڕیاری لە سێدارە درانیان درا ، دیسانەوە مەلیک فەیسەل هەر ئیمزای لەسەر نەکرد، سەرەنجام بە موئەبەد بەندکران و دوایش بەردران.

حازم بەگی زاخۆیی لەگەڵ ئیسماعیل بەگ نائب بوو، زۆر دۆست بوین گۆتبوی: مەلیک فەیسەل زۆر لە ئیسماعیل بەگی ڕواندزی ناڕازی بوو !!(

### بۆ هەمیشە بۆ دەرگەڵە دەگوازینەوە

پێشتر ئاماژەم بەوەدابوو کە لەسەر خواستی ریش سپیەکانی ماویلیان سلێمان بەگ ڕۆیشتۆتە ماویلیان. ماوەیەکی تەواو لەوێ ئاغای ئەو گوندە بووە، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی هەندێ ناکۆکی لەگەڵ ماویلیەکان، سلێمان بەگ بەو باوڕە دەگەیشت کە بۆ دەرگەڵە، شوێنی باب و باپیرەکانی بگەڕێتەوە.

ئەو ساڵەی گەراینەوە دەرگەڵە هاوین بوو، کەپرو ساباتێکیان لە ناو باخچەی (مستەفا بەگ) لە بەری گەرەکی گوند لە نزیک (کانی ئەحمەد بەگ) بۆ کردین، جێگەی کەپرو سابات ئەوەندەی بڵێیت خۆش بوو، لەژێر سێبەری دار گوێزە گەورەکان، دەمەوێ بڵێم کە گەڕانەوەی ماڵمان بۆ دەرگەڵە گۆرانکاریەکی زۆری پێوە دیاربوو ، ئەوەی پێشان بۆمان دەکرا ، لەوە بەدوا بۆمان ناکرێ، ئەو بەروو داهاتەی دەهات لەمەودوا نایێت، ئەوەی جاران بۆت دەکرا دەبێ ئیتر بەخۆت بیکەی .

بەرێکەوت ئەوساڵەی گەراینەوە دەرگەڵە مازی زۆر بوون، وەک ڕەوشت پێش بەردانە مازی زۆر کەس دەرۆیشتنە چیا بۆ دەست نیشان کردنی مازی.، هەر بەونیازەش فەقێیەکانی خەڵکی دەرگەڵە فەقی ئەحمەدی وەستا قادری‌و فەقێ خدری حاجی حەمەدئەمین و فقێ حەسەنی جۆلا) کەوتبونە ڕێ وبەرەو دارستانی دەووروبەری (کانی داوەری)، گۆیا بۆ بەسەرکردنەوەی مازو هاتون، لەوکاتەی ئەوان بەسەر دەکەوتن من چوو بووم چلۆ بۆکاوڕ بێنم، لە دوورەوە ئەوانم بینی، بۆ ئەوەی نەمبینن خۆم لە ناو تەڕاشێک پەنادا. دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەوان زۆر لەمن گەوورە تربوون، ئەوان لە تەمەنی چواردە- پازدە ساڵی دا بوون، من لەتەمەنی حەوت هەشت ساڵیدا بووم، ئەوان بە پێکەنین هەوارز دەهاتن کاتێک گەیشتنە ناو دارە گەورەکان سەیری دارەکانیان دەکرد(فقێ ئەحمەد) بانگی کرد: (کوڕە وەرن سەیری ئەو دارە بکەن ئەوەندەی مازو پێوەن، مەگەر قەدەکانی ببڕین ! ئەگینا چنینی زۆر زەحمەتە. دیاربوو لە ژێرەوە دیتیان مازی زۆر پێوەن، دەستیان بە مازی کردن کرد، بەبێ ئەوەی ڕێزی قەدەغە بگرن، قەدەغەیان شکاندو ڕەوشت وياسای گوندو کۆمەڵگەیان بەبیر نەبوو دەستیان کرد بە مازی کردن لەوکاتەی سەرگەرمی مازی کردن بوون بەدەنگێکی ناشاز بانگم کردن هۆهۆ (فقێ ئەحمەد)، ناوبراو کەمێک گوێی ڕاگرت، جارێکی تریش بانگم کرد، ئەوجارەی بانگی ئەوانی تریشم کرد دیاربوو هەستیان ڕاگرت دیتیان کەس دیار نییە، جارێکی دیکە بانگم کرد" کوڕە (فقێ ئەحمەد) زۆر بەئالۆزی بەوانی تری گۆت: کوڕینە بەقورعان ئەوە دێوەزمۆکەیە!!... هەرئەوەندەم بینی (فقێ خدر) لە سەرداری خۆی فڕێدایە خوارەوە، سەرەو ژێر هەڵاتنە خوارەوە، کەس بەکەس ڕانەدەگەیشت ، ئەوها ڕایان دەکرد ، لە دووسێ جێگە سەرپەلۆیان دەبردو لەپ و لەپ دەکەوتنە خوارەوە، ئەوەندەم گوێ لێ بوو (فقێ ئەحمەد) بەوانی تری گۆت: (کوڕە دۆخینتان بکەنەوە)، بەڵام ئەوەی دیاربوو لە هەڵاتن بەدەر دۆخین و هیچیان بەبیر نەمابوو ، ئەوەی هەڵاتنی ئەوانی بینی بوایە دەتگۆت ئەوانە دەبێ چیان لێ قەوما بێت کە ئەوها ڕادەکەن، بەشێوەیەک سەیر ڕایان دەکرد، (مەلاسید) ناوێک دیتبوونی چۆن هەڵدەهاتن ! !

لەدوای هەڵاتنی ئەوان، بەدوای شوێنی ئەواندا ڕۆیشتم، ئەو مازوانەی لێیان ڕژابوون هەموویانم کۆکردنەوەوبۆ گوند گەڕامەوە، (فقێ ئەحمەد)م لە بەردەرگای مزگەوت دیت و پێم گۆت: (بۆ ئەوها لە کانی عروسان هەڵاتن و ئاوڕێکتان لە دوای خۆتان نەدایەوە؟

)فقێ ئەحمەد) گوتی: بۆ تۆ لەکوێ بووی؟ گوتم من لە(کانی داوەرێ لەسەر دارێک مازوم دەچنین. (فەقێ ئەحمەد) ئەوەندە بە قیتوو قۆزی وەڵامی دامەوەو گۆتی: (بۆ ئەگەر تۆ گوێت لەدەنگی کابووس بیت بەناوی خۆت بانگت بکات ڕاناکەیت؟ !

لە قاقای پێکەنینم داو گۆتم: کوڕە کابوسی چی و تەڕەماشی چی!! من بووم ئەوسێ زەلامەم تووشی هەڵاتنێکی واکرد کە هەتا مردن ئەو ترسەیان لەبیر نەچێتەوە!! ئەگەر باوەڕیش ناکەن ئەوە ئەو مازوانەی لێتان ڕژابوون هەمووم کۆکردنەوە، باسی ئەوەم بۆ کردن چۆن هاتن و چیان کردو چۆن هەڵاتن، چەند سەرپەلۆیان بردن و کەوتنەخوارەوە زۆر بەووردی ڕوداوەکەم بۆ گێڕانەوە، ئەوجارە گۆتی وەڵڵا وایە.

دەنگ بڵاوبۆوە کە زرار فەقێیەکانی لە(کانی داوەری) ترساندون، هەر لەوێوە هەڵاتوون و هەتا ناوگوند کەسیان بەکەس ڕانەگەیشتوون.

بۆ پایز ماڵمان گواستراوە گەڕەکی سەرباسکی لە دەرگەڵە، ڕۆیشتینە ناو خانوەکانی (خەلیفە خدر بەگ)و جێنشین بووین، دوای جێنشین بوون بە چەند ڕۆژێک جەژنی ڕەمەزانی بەسەردا هات، خەڵکی گوند بۆ ئاهەنگ گێڕان تێکڕا ڕژانە ناو گۆرستانی (ئاوەڕێژ) ئاهەنگ گێڕان خەریکی شایی و ڕەش بەڵەک بوون، هەندێک خەریکی جۆلانە بوون، لەگەرمەی بەزم و ڕەش بەڵەکدا ڕاسپاردەی (میر محەمەد شەریف بەگ) کوڕەکەی میر خۆی هاتوو ڕایگەیاند کە ڕەش بەڵەک نەکەن . شێخ و مەلا زادەکانی دۆڵ ماوان و بەردگردکەو سەردڕەو خانەقا میوانی میرن، هەتا ئەوان دەڕۆن ڕەش بەڵەک تێک دەن.

بە ڕاسپاردراوەکەیان گۆت: بڕۆ شایی ناکەین، کەچی ڕاسپاردراوەکە نەگەیشتە ناو گوێزەکان ڕەش بەڵەک دەستی پێکردەوە، زۆر لە پێشان گەرمتر زۆری پێ نەچوو (محەمەد شریف بەگ) هاتەوە گۆیا شایی تێک بدات، بەڵام لە دورەوە دەستماڵی دەرهێنا دەستی سەرچۆپی گرت و دەیگوت بکوتن میوانەکانی میر سەرگەرمی چای خواردنەوەن .

ئێوارە ئاهەنگ بۆ دیوی (دەرشکەفتان) گواستراوە، لەژێر گوێزەکان شایی دەکرا، ئاهەنگی ئەو جەژنە سێ ڕۆژ درێژەی کێشا، لەو سەردەمەدا ئاستی گوزەران نزم بوو، بەڵام شادی‌و خۆشی و بێغەمی کەمتر بوو، ئەوەش وا دەگەیەنێ خەڵک لەگەڵ یەک دڵ پاک و بێ غەرەز تربوون، ڕێزی یەکتریان دەگرت و خۆشەویستی زیاتر بوو

**ماوەیەتی**



**لە ڕاستەوە بۆ چەپ : حەمید خسروی، زرار سلێمان بەگ ، کچە کوردێکی سۆڤیەتی، مەمۆشان شانەدەری**

## دەروون دونیا

# موچە بڕین

حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسەراپا نوقمی گەندەڵی یە و هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆشی پێ نی یە بۆ بنەبڕکردنی، خەریکە دڵی گەورە بەرپرسەکانی دەتەقێ لەوەی کە ئەم هەموو زیادە مەسروفاتە لەخەڵکی ووڵات دەکەن بەتایبەت لە کەم ئەندامان و پیروپەک کەوتەو کەس وکاری شەهیدو ئەنفالەکان چونکە ناوێرن باسی دەسڕۆو خاوەن دیوەخان و ئەندام پەرلەمانە نەخوێندەوارو کۆنەهینەکان بکەن، ناچار بەناوی چاکسازی و کەم کردنەوەی گەندەڵی یەوە بڕیاریان دا کە: یەکەم/ هەرچی یارمەتی بەخێوکەرانی دایک و باوکی شەهیدە بیبڕن، چاویان دەرچێ چۆن ئەژین کەیفی خۆیانە، بابەخێویان نەکەن و بەرەڵایان کەن، دایک و باوکی شەهید لەقیامەت خوا جەزای بەخێری دەداتەوە. دووەم/ هەرچی پیرو پەک کەوتەو قەیرەکچ و بێوەژنی نەگبەت و کەم ئەندامەکانی لوغم و نەخۆشی یە دەرونی یەکان هەیە، ئەگەر هاتنە بەردەرگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی دەریان کەن و پێیان بڵێن ئەو پارەیە لەسەرەوە پێویستیان پێ یەتی و ئیتر بەئێوە نادرێ بڕۆن هەتا بەپۆلیس ڕاپێچتانمان نەکردووە بۆ شوێنە حەیاتەکە. سێ یەم/ دەست لێ نەدانی مووچەی پیاوە گەورەکان، یارمەتی دیوەخانی سەرۆک هینەکان، بودجەی بەنزین و کرێ ی هاتووچۆی وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان زیاد بکرێ چونکە بازاڕ گران بووە، نەسریەی تایبەتی لێپرسراوە سەربازی یەکانیش زۆر کەمەو چاوی پێدابخشێنرێ. چوارەم/ هونەرمەندو نووسەر باعیسی نەگبەت و بێ دەسەڵاتیانە ئەوکارەیان هەڵبژاردووە خواردەو خەفتەن دەبێ قەساس بکرێن و فێری کەسابەت بن چی تر چاوەڕوانی یارمەتی و خەڵات نەبن بڕۆن ئیشێکی دیکە بدۆزنەوە بۆخۆیان لەبازاڕی ئازاددا چونکە لای ئێمە نانیان نەما، هەروەها ئەو خەڵکە نەزان و گێلەی کە پارەکانیان دەبەن بۆ (مەکەو مەدینە) دەیکەن بەقورگی عەرەبەوە دەبێ ئەوەندەی دیکە باجیان لێ وەرگیرێ هەتا بڵێن گرانەو نارۆین. گەلی برادەرینە ئەوانە چەند نمونەیەکی زۆرکەمن کەباسمان کردووەو بەر یاسا نایەکسانەکەی حکومەتی هەرێم دەکەون و بەناوی دوو موچەوە مووچەکانیان دەبڕن. ئەبوایە تەرازوویەک هەبوایە بۆئەو پێوانەیە، چونکە کەس لەگەڵ ئەوەدا نی یە یەکێک چەند مووچەیەکی هەبێ، بەڵام هەندێ کەسیش هەن لەم ووڵاتە تەنها یەک مووچەی هەیەو بەقەدەر موچەی (بیست کارگوزار) دەبێ و چارەکێکی ئەویش ماندوونابێ. پۆلیسێکی هاتووچۆ هەتا ئێوارە بەسەرماو گەرما دەستی بەئاسمانەوەیە کەچی مووچەکەی ناگاتە (یەک لەبیست و پێنجی) ئەندام پەرلەمانێک کەمانگی یەکجار دەست بەرزدەکاتەوە بۆ چی یە؟. چارەسەری گەندەڵی و ڕێک خستنی بودجەی ووڵات کارێکی زۆر پیرۆزەو ئەرکی هەموو کەسێکی شەرەف مەندە کە پشتیوانی لێ بکات. بەڵام وەکو دەڵێن (ماسی لەسەرەوە بۆگەن دەکات.